# ئەگەر دەنگتان بۆ بدەم،
# لەبەرئەوەیە بەزەییم پێتان دێتەوە!!



**دەرسیم دیبەگەیی**
سێشەممە 29.11.2005
Darsim88@hotmail.com

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەر هەڵبژاردنێک لە کوردستاندا، سەرکردایەتیو بەرپرسانی پارتە کوردستانییەکان هەروەکو پیشەی هەموو جارێکیان، خۆیان لەکۆمەڵانی خەڵک نزیک دەکەنەوەو، بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی باوەڕ بەزۆرترین کەس بێنن لە پێناوی دەنگدان بۆیانو بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا.

جاری وا هەبووە چەند ڕۆژێک بەر لە هەڵبژاردن، پارەیان بەسەر خەڵکدا دابەشکردووە، یان ئەگەر هەرکەسێک کارێکی لەهەر شوێنێک چەقی بێت، ئەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کارەکەیان بۆی داوەو بەدڵنیاییو بەزووترین کات بۆیان تەواو کردووە. ئەوە جگە لەو کەسانەش کە لە پێش هەر هەڵبژاردنێک بەماوەیەکی کەم سەنگەر دەگوازنەوە، کە پارەیەکی باش، چەندین ئۆتۆمۆبێلو پارچە زەوی، یان خانوو وەردەگرن!

ئەوەی شێوەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی ئایندە لەوانەی پێشوو جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەو جارەیان زیاد لە پێویست پەنایان بردۆتە بەر دایک، باوک. هاوسەر، برا، خوشکو منداڵانی شەهیدان لە پێناوی بەشداریکردنی کۆمەڵانی خەڵک. بەڕاستی دڵم بەو پارتانە دەسووتێو بەزەییم پێیان دێتەوە بەچەشنی براکەم.

کۆسرەت-ی برام هەر لەهەمان ئەو شارەیە کە منیشی تیا دەژیت. ئەو برایەم دوورە لەسیاسەتو هیچیش گرنگی پێنادات، زۆرجارو زۆر لایەنی کوردستانی داوایان لێکردبوو کە پەیوەندییان پێوە بکات، بەڵام ئەو هەموو جارێک داواکانی ڕەتدەکردنەوە. وابزانم ساڵی 2001 بوو، ڕۆژێک برادەرێک پۆستێکی دامێو داوایکرد بیگەیەنمە دەست کۆسرەت-ی برام، منیش پرسیاری پۆستەکەم کرد کە چیە؟ ئەو برادەرە گوتی: "ئەوە چەند بڵاوکراوەیەکی مەڵبەندی دەرەوەی ی.ن.ک ەو تایبەتە بە ئەندامانو لەخۆی زیاتر نەیدەیتە کەسێکی تر". زۆر بەلامەوە سەیر بوو، ئەوە چۆنە بڵاوکراوەی تایبەت بە ئەندامانی خۆیان بۆ کەسێک دەنێرن کە لەدەرەوەی پارتەکەی ئەوان بێت! بۆیە بەو برادەرەم گوت کە برای من لەڕێکخستندا کار ناکات، چۆنە شتی وای بۆ دەنێرن؟ برادەرەکە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو برایەم کاردەکاتو لەڕێکخستنی ئەواندایە. بەهەر شێوەیەک بوو بڵاوکراوەکانم بۆی هێنا. کاتێ کە گەڕامەوەو تووشی براکەم بووم، پۆستەکەم بەزەردەخەنەیەکەوە دایێ. ئەو لەزەردەخەنەکەی من تێگەیشتو دەستی کرد بە پێکەنینو گوتی: "تێدەگەم بۆ زەردەخەنەت باراند، دەزانم بەلاتەوە سەیرە کە لەڕێکخستن کار بکەم! باوەڕت هەبێت هەرکەسێک لەشوێنی من بوایە، هەروەکو من بەزەیی بەو برادەرە دەهات کە بلانکێتی پەیوەندی بۆ پڕکردمەوە. چەند مانگێک لەمەوبەر ڕۆژێک بەرێکەوت تووشی (........) بووم، داوای لێکردم دەیەوێت قسەم لەگەڵ بکات دەربارەی شتێکی گرنگ، بەمەبەستی قسەکردن چووینە کافتریایەک. دوای دانیشتنو قاوە خواردنەوە، بەشێوەیەکی زیاد لە پێویست لە پاڕانەوە داوایکرد پەیوەندی بەرێکخستنەکانی ی.ن.ک بکەم. منیش بەناچاریو لەبەر دوو هۆ داواکەی ئەوم پەسندکرد، یەکەمیان زۆر بەزەییم بەو پیاوە هاتەوە بۆ ئەو هەموو پاڕانەوەیەیو هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم پیاوێکی وەکو (.......) بەوشێوەیە بۆ پارتەکەی بپاڕێتەوە، دووەمیشیان شەرمێکی وا دایگرتم کە لەڕووم نەهات داواکەی ڕەتکەمەوە. سەرەڕای ئەوەش هەستم دەکرد ئەگەر داواکارییەکەی جێبەجێ نەکەم، ئەوە دوور نییە شتێکی بەسەر بێت، بۆیە بوومە یەکێتیی).

باوەڕتان هەبێت، بەندەش خەریکە بەدەردی براکەی بچێتو ئەگەر لەسەرداوای ئەو پارتە کوردستانییانە دەنگبدەم، ئەوە لەئەنجامی ئەوەیە کە لەڕادە بەدەر بەزەییم پێیان دێتەوەو دڵم پێیان دەسووتێت، کەچۆن لە پێناو کورسیو دەسەڵاتەکانیان تا ئەو ڕادەیە هانایان بۆ خانەوادەی شەهیدان بردووەو دەپاڕێنەوە، چونکە دەزانن چییان چاندبێ ئەوە دەدورنەوە. هەرچەندە لەو باوەڕەدام دەنگدان بەلیستی کوردستانی، تەنیا دەنگدان نییە بەو پارتە کوردستانییانەو زۆر کەسیش کە دەنگدەدات لەبەر ئەوان نییە دەنگدەدات!!.